کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-9-2007 1:47بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ئەگەر بایبێت ئەگەر باران هەر بەزەرەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەواو دەبێت ... باوکی شازاد

لای هەموان ڕون و ئاشکرایە کە لەبارەی ڕاگەیاندن هیج کاتێک یەکێتی تەنگژەی نەبوە زۆر جاری وا هەبووە بە ڕاگەیاندنە بەهێزو تواناکەی لە زۆر قەیرانی گەورە خۆی ڕزگار کردوە کە دووچاری بۆتەوە، وە بە درێژایی تەمەنی ئەو حیزبە خەڵک بە چاوێکی زۆر بە ڕێزەوە تەماشای ڕاگەیاندنەکانیان کردوە هەر لە بلاو کردنەوەی هەواڵەکانی بەرە کانی شەڕوو داستانەکان و ڕاپۆرتە سیاسیەکانەوە بگرە تا بەرنامە تەرفیهیەکانیشی، وەلەسەرەوەی هەمووشیان کۆڕو کۆبونەوەکانی هەڤاڵ مام جەلال کە خەڵک بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری سیاسی بەهێز تر بێت هەردەم گوێیان دەدا بەو شتانەی کە مام جەلال لەسەری دەدوا جێگای ڕەزامەندی خەڵک بوو بەتایبەتی کادیرو ئەندامەکانی یەکێتی، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی خەڵکی و یەکێتیەکانە ئەوەیە کە ئێستا ڕاگەیاندنی یەکێتی بەشیوەیەکی زۆر زەق لە پاشی داوەووەکو میزی حوشتری لێ هاتوە جێی ئیهتمامی خەڵک نەماوە وە هیچ کەسێک نیە دەستخۆشیان لێ بکات بەتایبەتی تەلەفزیۆنی (کورد سات) وەکوو تەلەفزیۆنێکی تیجاری سەیر دەکریت هیچ هەستێکی یەکێتیانەی پێوە دیار نیە، لە کاتی خۆی کە یەکیتی لە شاخ بوو چەند پێشمەرگەیەکی لەخۆ بوردوو ڕادۆیەکیان بەڕێوە دەبرد خەڵک سیق و دیقی دەکرد هەتا کاتی کردنەوەی دەهات دوعای ئەوەیان دەکرد کە تەشویشەکە کاری لێ نەکات تاکو بەباشی گوی بیستی ببن و تێبگەن بزانن چی دەڵێت، بەڕاستی دابەزینی ئاستی تەلەفزئۆنی کورد سات هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خوشکی بەڕێزمان (هێرۆخان) وەکوو سەرپەرشتیاری ئەو تەلەفزیۆنەو ڕەشکردنەوەی مۆرکی یەکێتی لە سەری، هەر ئەوەش وای کردوە خەڵک و جەماوەری گەلەکەمان لیی دور بکەونەوەو بە هی خۆیانی نەزانن چۆن خەڵک ئێستا ناڕازین لە کارەکانی (هێرۆ خان) کە لە جیاتی ئەوەی وەکوو خێزانی سەرۆکەکانی دونیا خۆی خەریک بکات بە کارو باری کۆمەلایەتی و پشت گرتنی مام جەلال وەک و ژنی سەرەک کۆمار دەوری خۆی ببینێت، بە داخەوە تەنها ڕوی لە پارە کۆکردنەوەو بردنە پێشی خزمەکانی خۆی لەهەموو بوارێکەوە بەتایبەتی سەنتەرکانی کە پارەو پولی لی دەست دەکەوێت و کارە دیبلۆماتەکان کە لەهەر قوژبنێکی شوینە پێش چاوەکان یەکێک لە خێزانەکەی ئەوان چینراوە کە کاتی خۆی مام جەلال دژی ئەو جۆرە کردانە بوو، لەو هەموو خەڵکە زۆرەی یەکیتی کە کەسی واهەیە ئێستا دەتوانیت سیاسەتی کوردستان بەڕێوە ببات کەچی کەس حیسابی کودی زەردیشیان بۆ ناکات، بێ ئەوەی ئەو ژنە بەڕێزە گوێ بدات بە خەباتی خۆیی و باوکی بەڕێزی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەدی) سیاسەتمەدار وشاعیر کە توانی گۆڕانکاری لە شۆڕشی گەلەکەمان دروست بکات و هەر دەڵیی لە تەمەنی خۆی ئەو ژنە نە پارەی دیوەو نە پلەو پایە بەداخەو کە ژنێکی ئاوا دەست ڕەنگین لە بواری سیاسەت و ڕاگەیاندن ببێت بە کەسیکی هەتا سەر ئێسقان پول پەرست، بمانەوێت و نەمانەوێت ئیمڕۆ لەسەر کوردو یەکێتی حیساب دەکرێت بۆیە دەبێ بە ئاگا بهینرێتەوە بەڵام دیارە لەبەر بەسەرەوە چونی تەمەنی مام جەلال و نزیک بونەوەی کە کۆچ بکات یان لە دونیای سیاسەت دور بکەوێتەوە بڕیاریان داوە خۆیان پێبگەیەنن لە هەموو بوارێکەوە تاکوو پاش مام جەلال بتوانن دەوری خۆیان ببینن، بزانن کەسیان هەیە بێ کار بێت هەر لە کوڕەکانی خوشکەکانی براکانی زاوایەکانی نازانم باسی چیتان بۆ بکەم لە گەڵ ڕێزم بۆ هەموویان کە هەر هەموویان نانی بەڕێز مام جەلالە دەیخۆن کە ئێستا کەس ناتونێت سەرزەنشتی لایەنەکانی تر بکات کە خەڵکانی خانەوادەی خۆیان کردوە بە کاربەدەستی حیزبی و حکومی، من گلەییم نیە لەو بۆ چونەیان بەڵام دەبێ ئەوان ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی و کوردیش بکەن، کوا ئەو هێرۆ خانەی کە هەتا ئێستاش دێکۆمێنتەکانی ئەون ڕوی خەباتی یەکێتی نیشانی خەڵک دەدەن کە بەڕاستی دەوری کاک (عەباسی ڤیدئۆشی) تیا هەبوو کە زۆر پێوەیان ماندوو ببو وە زۆر جارانیش خۆی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تووشی مەترسی گەورە دەکرد هەتا وێنەی فلمێکی شەڕەکانی دەگرت، زۆر توشی ناڕەحەتی بوە هەتا توانیویەتی کۆیان بکاتەوەو بیانپارێزێت، دیارە بەرێز هێرۆ خان هەر بۆ بەرژەوەندی کاتی خۆی کردویەتی بۆ ئەوە سودی لێ وەر بگرێت، ئەی باشە بۆ ئێستا خۆی لێمان گۆڕیوە بەو هەموو ئیمکانیەتە زۆرەی کە لە بەر دەستی دایە وازی لە پیرۆزترین کار هێناوا لێمان بوە بە (بیزنز مادام) بەداخەوە هەر ئەویش نیە کە ئاستی یەکێتی نزم کردوتەوە بەرێز هەڤاڵ مام جەلالیش نازانم بۆ وا دەکات پاش هەر کۆبونەوەیەک کۆنگرەیەکی رۆژنامە نوسی دەکات دەبێ قسەیەک بکات لە زەرەری یەکێتی بیت وەک مشاری لێ هاتوە بەهەموو لایەک هەر یەکێتی پێ دەبرێت و بریندار دەبێت، باشە بۆ قسە باشەکان بۆ خەڵکی تر جێ دەهێڵێت؟ و خراپەکانیش بۆ خۆی دەیانکات دیارە یەکێتی پیویستی بە کاری باش نەماوە لێان دەرژێتەوە بۆیە مام جەلال شتە باشەکان دابەش دەکات لە سەر خەڵکانی کە پیویستیان پێیەتی، باشە لە کۆبونەوەکانی سەرۆکایەتی کۆمار هەر ئەو قسە دەکات لە کۆبونەوەکانی سەرکرداتی کورد هەر ئەو قسەدەکات هەمووشی بە زیانی یەکێتی تەواو دەبێت وە جەنابیشی باش دەزانێت کە ئەو جۆرە ئاخافتنانە ڕاست نیە هەم لە سومعەی خۆی و هەم لە سومعەی یەکێتی پی دادەبەزێت باشە بۆ خەلکی تر قسە ناکەن دیارە ئەوان نازانن بدوێن تەنها مام جەلال قسە زانە؟ یان خەڵکانی تر لێڕاهاتون کە مام جەلال بکەن بە دەم ڕاستی خۆیان و قسەی پێ بکەن لە بەر ئەوەی زۆر سودیان لە لێدوانەکانی وەر گرتوە هەرچی بڵێت بۆ ئەوان خێرو بەرەکەتەو بۆ یەکێتیش شەرمەزاری، وای لێهاتوە کەس لە خەڵکانی یەکێتی نەتوانێت وەڵامی خەڵک بداتەوە کە بەرێز مام جەلال بۆ وادەکات شتەکان ئەوەندە زۆر بووەو لەسەر یەکتری کەڵەک بووە، چی بڵێین بڵێین مام جەلال نازانێت قسە بکات وانیە یان بڵێین پیر بووەو هیچی پێ نەماوە یان بڵێین خۆی مەبەستیەتی یەکێتی ئیفلیج ببێت ئەوەش هەر وانیە، کەچی هەقیقەتەکەی لای هەموومان ڕون و ئاشکرایە کە مام جەلال هەر لێدوانێک دەدات چەند حیساباتێک هەیە دەیکات یەکەم دەیەوێت قسەکانی لە گەڵ سیاسەتی حکومەتی ئەمەریکی و بۆچونەکانی ئەوان ڕیک بکەوێت دووهەم دەیەوێت دڵی شیعەو سوننەش ڕازی بکات سێهەم دەیەویت دەروو جیرانیش گلەیی لە ئاخافتنەکانی نەکەن دژی بەرژەوەندی ئەوانیش نەبیت دوای هەمووشیان کاک مەسعودیش نابێت نیگەران بێت لە قسەکانی، ئەوانی تریش لای گرنگ نیە ڕازی بن یان ناڕازی موشکیلەی خۆیانە خەڵکانی یەکێتیش هەر حیسابیان بۆ ناکرێت لە بەر ئەوەی ئەوانی بە (بێ پێ) داناوە ماڵی حەلالن هیچیان لێ بەسەر نایەت هەر هەمووی خانەوادەی شەهیدەکان و پێشمەرگەی دێرین و کادیری کۆنی یەکێتی و کۆنە جەلالین دوایی بە دوو قسەی خۆش ڕازیان دەکات و هیچیان لە بەر دڵ نامێنێ و لەبیریان دەچێت، باشە عارەب وووتەنی (یا مام جەلال) چۆن دەتوانی دڵی ئەو هەموو خەڵکە ڕازی بکەیت خۆ هەر هەمویان تۆ دەناسن دەزانن تۆ پیاوێکی سیاسی و کورد پەروەریت قەد مومکین نیە لە پشتەوە خەنجەر لە پشتی گەلەکەی خۆت بدەیت کەس بەم مەوقیفە شەفافانەت باوەڕ ناکات کە بەرامبەر ئەوان دەینوینیت ئا ئەوە (سالح ئەلموتڵەگ) دەڵی مام جەلال سەری فیتنەیە لە نێوان عارەبە شیعەو سوننەکان هەموو کەسێک تۆ دەناسیت تەنها دیارە میلەتەکەی خۆت لێت تێناگەن کە تۆ بۆ وا دەکەیت، دەباشە تۆش وەکوو خەڵک ئەگەر بە ڕاستیشت نەبێت هەندێک مەوقیفی باش بنوینە بەرامبەر کوردستانیان هیچی تر ئەوەندە خەڵکانی خۆت تووشی شەرمەزاری مەکە، بەڵام دەبێ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی باش بزانێت کە هیچی تر خەڵک ناتوانێت دەستەو یەخە بەرامبەر ئەو هەموو کارەساتە گەورانە بوەستێت کە تووشی یەکیتی هاتون بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانەوە، بزانن یەکیتی چی بە سەر هاتوە تەکەتولاتێکی بێ ژمار، دڵ ڕەنجاندنی خەڵکانی یەکێتی، یاخی بوونی کادیرە کۆنەکانی یەکێتی، دەرکردنی بەیاننامەی ناڕەزایی بەرامبەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لیدوانەکانی هەڤاڵ مام جەلال لە لایەن پێشمەرگە دێرینەکان، ئەوانە هەر هەمووی زەنگێکی ترسناکە بۆ دوا ڕۆژی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، ئەگەر کارێکی موعجیزە نەکرێت کارێکی وا بەسەر یەکیتی دێت با بە دەواری شڕی نەکردبێت وەکوو بەفری قوتبەکان دەتوێتەوە و بەسەر کوردوو یەکێتیەکان دا دەکەوێت و کەسی لێ دەرناچێت، هیوادارم سنورێک دابنرێت بۆ ڕاگرتنی سوکایەتی بە خوێنی شەهیدەکان و ڕیز گرتن لە ماندوو بونی خەڵکە تێکۆشەرەکانی کە خەباتیکی دورو درێژیان کردوە تاکوو یەکیتیان گەیاند بەم ئاستە، دە با دیسان قۆڵی خەباتی لی هەڵکەینەوە بەڵام ئەوجارەیان بە شێوەیەکی مۆدێرن دوور لە کوشتن و برین دەبێ لەسەر بنەمایەکی پێشکەوتوانە کە بگونجێت لە گەڵ دونییای سەردەمی ئێستا لە گەڵ پێشوەچونەکانی زانست با واز لە کەلەپورە خراپەکان بێنین یەکێتیەکی لە جاران توکمەتر و بیر ڕۆنتر بنیات بنێینەوە هیچی تر دڵی خەڵکی کوردستان ناخۆش نەکەین بە هەواڵی دڵتەزێن با لێبگەڕێین دوژمنانی گەلەکەمان و ئەوانەی ئەنفال و کیمیا باران و جینۆ سایدیان دژی گەلەکەمان ئەنجامداوە بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن خۆمان نەکەین بە پاریزەری ئەو تاوانبارانە، باشە بۆ لەم سات و کاتەدا مام جەلال خۆی کردوە با خاوەنی (هاشم سوڵتانی) تاوەنبار هەموو کەسێک ئەو کەسە دەناسێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شتیکی باشی دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجام نەداوە ئەگەر بڵێم هەر نەشی توانیوە شتێکی وا بکات ئێستا بۆچی بووە بە بەم شەخسە مام جەلال دیفاعی لێ بکات من ئەوەش هەر بۆ ڕازی بوونی سوننەکان و ئەیاد عەللاوی و سیسەتی نوێی حکومەتی ئەمریکایە، باشەبۆ دەبی مام جەلال تەنازول بکات بۆ خەڵکانێک بۆ ئەوەی ئاسیاسێل لە هەولیر کار بکات ئەوە کەی ئیشی هەڤاڵ مام جەلالە، ئەوە کاری دادگایە ئەگەر یاسا لە کوردستان بەرقەرارە. بژی کورد بژی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.